www.kurdistannet.org
5-6-2003 20:57

به ناوی کوردستانی گەورە !

٢٠٠٣/٦/٣

# ناوی ئێران لە تەرازوی راڤەدا :

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

هەروەک دەزانن، ئێران کە یەکێک لە وڵاتانی قورنەی ئاسیایە و بەر لە ساڵی ١٩٧٩ ی زاینی، کە رژێمی پادشایەتی لەم وڵاتە لەسەر کاربو ، زۆر هەوڵ درا بۆ ئەوەی کە وەک ناوەندی هەرە گرنگی ئاریایزم نیشان بدرێ و بەو بەهانەیە، شا کە نازناوی ئاریامێهر ( پادشا یا رۆژی ئاریا) ی بۆ خۆی داتاشیبو ، لەم وڵاتە وەک قەرالێکی واریسی کیانی ئاریایی، بە بێ دەقدەقە پای خۆی لێ دابکێشێ، پادشایەتێ بکا و بڵێ " کووروووش، بخەوە، ئێمە بەخەبەرین !"

لەم رێبازەدا زۆر کاری تەبلیغیش کرا، بۆ وێنە :

- هەڵبژاردنی ناوی ئاریامێهر بۆ شا.
- گۆرینی مێژوی کۆچی هەتاوی، بە ساڵی شاهەنشاهی ، کە ١١٨٠ ساڵ لە پێش مێژوی کۆچی هەتاویەوە بو.
- بەر پاکردنی جەژنگەلی پر خەرجی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهی ئێران، لە ساڵ ١٣٥٥ ی کۆچی هەتاوی ( ١٩٧٦) دا.
- داتاشینی مێژوی روونەدراو.
- شیواندنی هێندە راستەقینەیەکی مێژویی.

بە کورتی و بە پوختی، بەو کارە تەبلیغیانەی سەرەوە، وڵاتێکی ٢٥٠٠ ساڵەی ئێرانی یان داتاشی، کە گۆیا ئەم ئێرانە، ٢٥٠٠ ساڵ مێژوی پادشایەتی هەیە.

بەڵام کاتێک لە روانگەی راستەقینەی مێژوییەوە ئەم باسە راڤە بکەین بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەم شتە، وەک کۆن بوونی ناوی عێراق، شتێکی داتاشراوە. بەڵگەم بۆ ئەم وتەیە ئەمانەیە :

١- ٢٥٠٠ ساڵ لە پێش ساڵی ١٩٧٦ ی زاینیدا، وڵاتێک بە ناوی ئێران لە جیهاندا نەبوە. وڵاتێک بوە بە ناوی پێرس ( فارس = Persia) ، پێتەختەکەی شاری پێرس پۆلیس ( شاری فارس) لە تەختی جەمشیدی لای شیراز بوە، کە دەکەوێتە پارێزگەی فارس، لە ئێرانی ئیستا. ئەم وڵاتە، وڵاتێکی ناسیۆنالیستی فارسی بوە و هەر وەک ئێستا، کە وڵاتی تورکیا، یانی تورکستان و خەت بەسەر باقی گەلانی نێو تورکیادا دەهێنێ، ئەم وڵاتی پیرس ( فارس ستانە) ە ش شتێکی فارسی لەم بارە بوە. بە کورتی، زۆر لە کۆڵەکەگەلی کاخی تاچارای تەختی جەمشید، لە سەر کەللەی سەری کورد دروست کراون.

٢- بۆ ئەوەی کە بە باشی روونی بکەمەوە، لە ٢٥٠٠ ساڵ پێشەوە، قەت وڵاتێک بە ناوی ئێران، بە چەشنی شێلگیر، لەم جێگەیەی ئێستای ئێراندا نەبوە، سەرنجتان رادەکێشم بۆ دیوانی هۆنەرە بەناوبانگەکانی فارس زمان، وەک سەعدی، حافز، مەولەوی، نیزامی و ...، کە تاقە جارێک لە نووسراوەکانیاندا، باسی جێگەیەک بە ناوی ئێرانان نەکردوە. یانی ئەو کاتە ئێرانێک نەبوە، تا باسی بکەن، دەنا هۆنەرێکی وەک سەعدی و حافز ( سەدەی حەوتەمی کۆچی) و ئەوانی دیکە، کە دەیان جار باسی وڵاتان و شارگەلی دەوروبەریان کردوە، جارێکیش باسی ئەو ئێرانەی وڵاتی خۆیانیان دەکرد. بۆ نموونە، لە پاش ئەوان، لە سەدەی چواردەی کۆچی (بیستی زاینی) دا، کە ئێران بوەتە وڵات، هۆنەری وەک مەلیکوشوعەرای بەهار یا شەهریار، دەیان جار باسی ئێرانیان کردوە. یا مامۆستا ئەحمەدی خانی، مامۆستا حاجی قادری کۆیی و مامۆستا هێمن، دەیان جار باسی کوردستانیان کردوە، چون کوردستاێک لە گۆرێدا بوە. ئەمە ناگونجێ وڵاتێک بە ناوی ئێران بووبێ و کەسێکی وەک حافز کە چەندین چار لە هۆنراوەکانیدا، باسی بوخارا وبەغدا و... کردوە، باسی ئێران نەکا.

٣- لەم نوختە جوغرافیاییە، کە ئێستا ئێرانی تێدایە، جاری وابوە، هاوکات چەندین وڵاتی سەربەخوی تێدا بوە، بۆ وێنە، ئەتابەکانی فارس و ئەتابەکانی ئازەربایجان، هاو کات هەوەڵیان لە شیراز و دووهەمیان لە تەورێز دو وڵاتی سەربەخۆ بوون. دەیان نمونەی دیکەی وا هەیە. تازە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، تا رووخانی دەوڵەتی ئیسلامپەنای عوسمانی !، زۆر تر لە ژێر رکێفی نا مەبارەکی عوسمانیەکاندا بوە، بۆ وێنە

ساڵی ١٩١٦، کابرایەک بە ناوی ئەرکان، لە گوندی حەسار، لە ناوچەی بۆکان، فەرمانداری ئەو هەرێمە بوە و لە زوربەی باقی ناوچەکانیش، ئەم شتە بوە.

تێبینی : ئەگەر هۆنەری فارس زمان، فیردەوسی تووسی، خاوەنی کتێبی شانامە، باسی ئێران و تووڕانی کردوە، لە راستیدا ئەو کاتەش، نەوڵاتێک بە ناوی ئێران بوە و نەیەکێک بە ناوی تووران، بەڵکە مەبەستی لە لە رەگەزە ئارییایەکان و تووڕانیەکان بوە. خودی فیردەوسیش، لە دەرباری غەزنەویان، لە ئەفغانسانی ئەمڕۆ، ئەو شێعرەی نووسیوە، نە لە دەرباری ئێرانیان، لە ئێران.

بە ریوایەتێک، وشەی ئێران بۆ جاری هەوەڵ، بە چەشنی شێلگیر، لە نووسراوە دیپلۆماتیە نێو نەتەوییەکاندا، ساڵی ١٣١٥ کۆچی هەتاوی (١٩٣٦) {؟}، بەکار هێنراوە و جێگری وشەی پێرس بوە، بەو ئامانجە کە ئێران وەک تورکیا ( تورکستان) ، نەبێتە پێرس ( فارس ستان) ، کە چی ئێستا پانفارسیزم لێی، مەحشەر دەکا.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت